# وەڵامێک بۆ نەجوا نەقشبەندی . میر هۆشمەند

پاش داوای لێبوردن لە هەندێك دوا کەوتن. .
پێشەکی سڵاو لەو هەموو ئەو موتابەعە چڕوپڕەی سایت و نوسینەکانی کاکە مەریوان، سڵاو لەو هەموو هەڵسەنگاندنانە بۆ ئەو تاقە قسەکەر و زمان پاراو و بوێرەی سەر پرسە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و ناوچەکە، پاشانیش بەداخم بۆ ئەو خەفەت خواردنانەی بەرێزی کە دوچاری بوەتەوە لە تەشهیری چەند نوسەرێك لەم سایت و ئەو سایتدا.
من نازانم کەسێکی تر غەیری کاکە مەریوان هەبێت بەناویەوە بابەت بڵاو بکاتەوە یان نا، یان بەنیسبەت ئەو بابەتەیەوە کە لەسەر 31/ئاب بڵاوی کردوەتەوە وخۆی نکۆڵی لێوە دەکات دەبێ بڵێم لە راستیدا من وەك خۆم بەڵگەم نییە لەسەر ئەوەی ئەو نوسیویەتی یان نا، و ئەو ئیشارەشم کە کردومە مەبەست رەوتی سیناریۆکانە و وەك نمونەیەك هێناومەتەوە، بەڵام ئەوەش پرسیارێکی بە جێیە کە ئایا لە کاك مەریوان دەوەشێتەوە ئاوا قسەیەك بکات؟ بە دڵنیایەوە هەر کەسێك بیناسێ و شارەزای نوسینەکانی بێت وەڵامەکەی بەڵێ دەبێت، وەکو بەناو دادە نەجوا دەڵێ بابەتەکانی ئاراستەی زانستیان هەیە و لەو ئاراستە زانستەیەشدا بە دڵنیایەوە جێگەی ئەوە دەبێتەوە باس لە جوانی رووداوی پەلکێش کردنی رژێم بکرێ، بەڵام دوای چەند رۆژێك هاتوە و دەڵێ من نیم ئەوە مەسەلەیەکی ترە.
بەڵام ئەوەی دەڵێ کە گوایە من لە داخی گرتنی ئەو گروپە بەدەنگ هاتووم و وەك بڵێی من پارێزەریان بم، من ئەو بنوسەیە دڵنیا دەکەمەوە کە من هاوبیریان نیم و تەنانەت هاوبری ئەو حزبەش نیم کە ئەو کادیر و تیرۆریستانەی تێدا گەورە و پەروەردە کراوە، من نایشارمەوە و شانازیشە کە خۆم بە موسڵمان و نوێژ خوێن دەزانم، بەڵام لێرەدا وەك کوردێك و نیشتەجێی ئەم کوردستانە دەڵێم کە هاوڵاتی کوردی باش بۆی روون و ئاشکرایە کە کێ لە بەر چاوی گەل ریسوایە و پێویست بەوەناکات کە دادە نەجوا بە پاڵەوانیەتی کاك مەریوان لە قەڵەمی بدات، بەڵکو ئەگەر پاڵەوانیەتی تێدا بێت ئەوا بۆ شان و باڵی کاکە شێخ عەدنان لە وەزارەتی ئەوقاف دەگەرێتەوە کە ماشاالله باش خزمەتی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و هەر کەسێك غەیری مزگەوت دەکات و هەر مزگەوتی مەفرەزەیەکی بۆ بریوەتەوە زۆریش خەتای ئەو نییە کاکە پۆلیس دەچێ بە چاوی پیاو ژنیشدا.
من رێزم هەیە بۆ کاك مەریوان و مەبەستیشم لەو ئیشارەیە ئیهانە نەبوە.
بەڵام دادە نەجوا یان ئەوەی بەناوی دادە نەجواوە قسەدەکات دەبوا پێش هەر قسەیەك بەخێرهاتنەوەی بکردینایە، وپاشان ئاوا تۆمەت بارمان بکات کە گوایە من دەمەوێ کاك مەریوان بێنمە قسە وباس لە بارەی 31/ئاب، بەڵام سەیرە خەڵکی تر هاتونەتە قسە وباس یان تەنها ناویان گۆڕیوە، و پاشانیش جەنابت بۆ ئەوەندە بەو بابەتەی من دڵگران و تووڕە بویت یان شتی تری تێدایە و هەمو شتێك ناوترێ، باشە ئەگەر باس لە واقعی تاڵ و دژواری کوردستان دەکەیت بۆ باس لەو هەموو باندە قەڵەوانەی ناو دەزگاکانی پارتی ناکەیت، و چارەسەری گونجاویان بۆ نادۆزێتەوە، باشە چۆن دەتەوێ باوەڕ بکەم بە قسەیەکی وا کە گوایە کاك مەریوان قسەی حەق و رەوا دەبێژێ و باس لە گرفتەکانی میللەت دەکات و هەرگیز جگە لە باسی گەندەڵیەکانی پارتی هیچی نەوتوە وەك کاك مەریوان دەڵێ ئەی

چۆن تا ئێستە ماوی بە قوربان چۆن هێشتا هەناسە دەدەیت چۆن خۆڵەمێشەکەشت با نەیبردوە، خۆ مەلایەك لەدەمی دەرچوو قسەیەکی وت بۆنی ئەوەی لێدەهات نیەتی لایەنگرێکی پارتی بوبێ یەکوسەر لە وتار خوێنی لابرا و پاشانیش چەندان تۆمەت و قسەی ناشرینیان بۆ کرد و چەندان جار و یەك لە دوای یەك هەر بە جەنابی سەرۆك و وەزیر وگزیرەوە کەوتنە ئینزار بۆ هەڕەشە و گوڕەشە لە زانایان و مەلاکان نەوەك یەکێکیتر قسەی وا لەدەمی بێتە دەر، هەر لەو ئەوقافەی لای کاکە شێخەوە کە وەزیریش بەبێ بەرپرسی حزبی تا ئێستەش بۆی نییە ئیمزایەك بکات دژایەتی و هەڕەشەکان دابەزینە خوارەوە، باشە بۆ کەس توخنی ئەم بەڕێزە قسە رەوانە ناکەوێت، یان شێخ گولەبەندی بۆ خوێندوە، یا پشتی هەیە و سەرەوە دەزانێ سوعبەت دەکات وئەگەریش لەسەر سایتێك قسەیەکی ساردی بە پارتی وتبێ ئەوا بە عەمەلی و شەو رۆژ خوێن و ئارەقی ناوچەوانی بۆ پارتی و بارزانی رشتوە، ئەو دوو قسەشی لێ وەردەگیرێ، مەبەستم لەم خاڵەی کۆتا ئەوە بوو کە ئەو تەعریفەی دادە زەمێکی زۆری تێدایە بۆ کاك مەریوان و تەنها چاکەش بۆ حزب تۆمار دەکرێت نەك کەسی تر.

باس لە کەوتنە بەر مەترسی دەستکەوتەکانی میللەتی کورد دەکات کە گوایە تیرۆریستان دەیانەوێ بیخەنە خەتەرەوە، باشە منیش هەمان رام هەیە و تیرۆر و تیرۆریستان بە دوژمنی کورد و دەستکەوتەکانی میللەتی کورد دەزانم بەڵام ئەی دوو حزبە سەرکەشەکە. . ئەوانیش هەمان کاری تیرۆریستان ناکەن و تا ئێستە و مێژووش شایەتە بەرژەوەندیەکانی کورد بە دەستی ئەوان نەکەوتوونەتە خەتەرەوە، ئایا پارتی و یەکێتی لەبەر خۆیان هەموو شتیان پشت گوێ نەخستوە، ئەی یەکێتی و پارتی نین بونەتە هێلانەی تیرۆر وتیرۆریستان و پیاو کوژان لە کوردستاندا، زۆر و کەمیش هەیە لەم بۆ ئەو، بۆ ئیتر ناڵێی هێلانە گەرم و نەرمەکەی تیرۆریستان دوژمنی دەستکەوتەکانی کوردن.

بەڵام ئەوەی کە من بۆی چووبم وەکو چۆن کەسانێك دەیانەوێ لە وەزارەتێکی ئایینیدا بن و لەولاشەوە دژی ئیسلام و ئیسلامی قسە بکەن، ئاوەها پارتیش و یەکێتیش دەیەوێ کوردستان هەر بۆ خۆیان بێت و تیرۆریستانیش هەر سەر بەخۆیان بن و کار نەکەن بۆ یەکێکیتر واتە نایانەوێ تەنانەت خراپە و پیاوکوژیش کەسیتر بیکات.

بەڵام بەنیسبەت بە شەڕفرۆشتن و سوکایەتی بە حزبە کوردییە رەسەنەکان وەك باسی دەکەی، باشە کامە حزبی رەسەن و کامە خوێنی پاك، ئەو خوێنە گەشەی کە رژاوە بەسەر شاخ و داخی ئەم کوردستانە سەرکەشەوە کە نەك هەر کوردی عێراق بەڵکو دەستی ئەو حزبە رەسەنانەی باسی دەکەیت سورە بە خوێنی کوردی پارچەکانی تریش و درێغیان لە خیانەت نەکردوە لە هەر شوێن و بە هەر قیمەت و بۆ هەر دوژمنێك بووبێت، بۆیە دەڵێم ئەگەر ئیسلامییەکان کە باش و خراپیان هەیە وەك هەر ئینسانێك، بەڵام ئەگەر موقارەنە بکرێن لەگەڵ رەشی لاپەڕەکانی دەسەڵات ئەوا رووسوری دونیا دەبن، قیامەتیش خوا گەورەیە و لەگەڵ عامێ.